## ئافرەتە ناودارەکانی کورد

ئەم کتێبە بە کوردی نووسراوە و پاشان وەرگەڕاوەتەوە سەر فارسی. نووسەر عبدالجبار محمد جباری ژین نامەیەکی کورتی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی ناوداری کورد نووسیوە و وەرگێڕیش هەندێکی دیکەی داوەتە دەم بەڵام بەداخەوە شێوازی کارەکەی زۆر رێک و پێک نییە و روون نابێتەوە ئایا کام بەشی هی نووسەرە و کام بەشی لەلایەن وەرگێڕەوە زیادکراوە.

راستیەکەی ئەوەیە ژنانی ناودار لە نێو کورد دا زۆرن و بەم چەند لاپەڕەیە ناکرێ و نابێ کۆتایی بە کاری توێژینەوە لە ژیانیان بهێنین.

هەرچۆنێک بێت، کتێبەکە باسی دوو شێرەژنی کردوە کە ناوچەی بۆکان دەگرنەوە و هۆی دامەزراندنی باسەکەش لێرەدا هەر ئەو دووکەسەن.

١. عایشە تورجانی – کچی عەلامەی قزڵجی، کە خوێندەوار و زانایەکی ئایینی بەناو و دەنگ بوە لە ناوچەکەدا (لاپەڕە ٦٣) و بۆ زانیاری زیاتر، دەکرێت خوێنەر یادداشتەکانی کاک جەعفەری قزڵجی بخوێنێتەوە لە سەر سایتی رۆژهەڵات/بۆکان کە بە گوێرەی ئەو، "مەلا ئایشێ" ی قزڵجی دایکی خوالێخۆشبوو قازی موکری بوە.

٢. زرافشان خانم (زێرە وەشان خانم) ی موکری، کە لە هۆزی فەیزوڵلابەگی و دایکی سێ شەهیدی گەورەی کوردستان عەبدوڵلا خانی مەتین، ئەحمەد خانی فاررووقی و محەمەد خانی دانیشوەر بوو، کە هەرسێکیان دوای هەرەسی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) لە سەقز لە داری بێداد دران.

عبدالجبار محمد جباری، "گزیدەای از زنان نامدار کرد"، ترجمە احمد محمدی، ناشر: مترجم، سنندج، ١٣٨٠[٢٠٠١]، ١٠٢ صفحە (فارسی).